بەڕێوەبەری فێستیڤاڵ
شکۆ عومەر
دەستەی باڵای فێستیڤاڵ
مەریوان زەنگەنە
سیروان بێڵانە
تارق ناسح
محەمەد خدر

سەرنووسەر
کاردۆ محەمەد
ستافی رۆژنامە
هەوار فارس
هۆزان شێرزاد
جوتیار بەهرام

خاوەنی ئیمتیاز
فێستیڤاڵ

# شانۆکار

ژمارە (٤) شەممە ٢٠١٩/٥/٤

رۆژنامەیەکی تایبەتە بە یەکەمین فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوک خولی جیهاد دڵپاك

## نووسەران و هونەرمەندان باس لە شانۆکار دەکەن



شانۆکار کە رۆژنامەیەکی تایبەتە بە رووماڵکردنی چالاکییەکانی فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوك، هونەرمەندان وێڕای سەرنج وتێبینییەکانیان بە کارێکی گرنگ و پێویستی دادەنێن ،لەو رووەوە نووسەر و رەخنەگری شانۆیی (حمە سوارعەزیز) دەڵێت"یەکێك لە باشترین رەگەزەکانی ئەم فێستیڤاڵە بڵاوکردنەوەی رۆژنامەیە کە رووداوەکانی رۆژانەی فێستیڤاڵ تۆماردەکات ئەمە ئەرشیفێکی زۆر گرنگە،پێویستە لەهەموو فێستیڤاڵێکدا هەبێ.



حمە سوارعەزیز هیواشی خواست لەفێستیڤاڵەکانی داهاتوودا رۆژنامەکە فراوانتربکرێت و وتیشی" دوای تەواوبوونی فێستیڤاڵ ئەوەی لای ئامادەبوان دەمێنێتەوە رۆژنامەکەیە کە وەك تۆمار ویادەوەرییەکی باش لەلامان دەمێنێتەوە

هاوکات هونەرمەند مۆفەق عارف لەهۆنی دەڵێت " لەهەموو فێستیڤاڵەکانی دنیا زۆر گرنگی بەڵاوکراوەی رۆژانە ئەدرێ ،کە وتاری کورت و بابەت وچالاکی رۆژانەی فێستیڤاڵ لەخۆدەگرێت "

## رۆڵی خانمان لەفێستیڤاڵی کەرکوك دا بەرزدەنرخێنن



ئامادەبووانی یەکەمین فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوك رۆڵی خانمان لە فێستڤاڵەکەدا بەرزدەنرخێنن

لەو رووەوە شانۆکار خەرمان هیرانی وتی" بەگشتی رۆڵی خانمان هەر لەسەرەتای فێستیڤاڵەکەوە بەباشی بینرا هەر لەلیژنەی دادوەرییەوە تا بەڕێوەبردنی فێستیڤاڵ بەگشتی ،هیواداریشم فێستیڤاڵەکە لەساڵانی داهاتووشدا بەباشی بەڕێوەبچێت.

لای خۆیەوە شانۆکار ئاشنا رەئوف وتی "زۆرخۆشحاڵم رێژەیەکی باشی خانمان دەبینم لەم فێستیڤاڵەدا هەر لەوانەی کە کاری بەڕێوەبردنی فێسیتیڤاڵ دەکەن هەم ئەوانەشی وەك ستافی نمایشەکان ئامادەبوونیان هەیە، سەرجەمیان هەوڵدەدەن بۆ بەرەوپێشبردنی رەوتی شانۆ ،هیواداریشم ئەم کارانەیان ببێتە پاڵنەرێکی باش بۆ ئەو خانمانەی کە خولیای هونەری شانۆیان هەیە".



هەرلەوبارەیەوە شانۆکار بەیان ئەحمەد وێڕای دەستخۆشی وپیرۆزباییکردنی لە سازدەرانی فێستیڤاڵەکە رۆڵی خانمانی شانۆکار لەکەرکوك بەرزدەنرخێنێت سەربارەی ئەو گرفتانەی دێنەپێشیان کە



توانیویانە رووبەڕووی ئاستەنگەکان ببنەوە .

شانۆکار بەیان زەریفیش دەڵێ " ئەم فێستیڤاڵە سەلماندی کە کەرکوك لە توانایدایە داهێنانی باشتربکات لەشانۆدا ئەویش بەپشتیوانی هونەرمەندانی کەرکوك وشارەکانی دیکەی کوردستان ،لەم فێستڤاڵەشدا خانمان سەلماندیان کە هیچیان لەپیاوان کەمتر نییەو لەتوانایاندایە ئەو ئەرکەی پێیان



دەسپێردرێت بەباشی جێبەجێی بکەن.

*هەوار فارس


## شانۆیی (دینۆ) لە کۆڕێکی رەخنەیی دا



هونەرمەند (یاسین قادربەرزنجی ) ، بەوردی تیشکی خستە سەر لایەنەکانی دەرهێنان و نواندن و پێکهاتەکانی دیکەی شانۆیی (دینۆ) کەبەرهەمی گروپی زانکۆی دهۆك بوو، پاش کۆتاییهاتن بە پرسیار وسەرنجەکانی ئامادەبوان مەسعود عارف دەرهێنەری شانۆییەکە

سەرلەبەیانی رۆژی هەینی لە هۆڵی دیالۆگ کۆڕێکی رەخنەی بۆ نووسەر وشانۆکار (یاسین قادربەرزنجی ) سازکرا ،لەکۆڕەکەدا کەلەلایەن شانۆکار مەریوان زەنگەنەوە بەڕێوەدەبرا، وەڵامی بەشێك لەپرسیارەکانی دایەوە و پاشان کۆتایی بە کۆڕەکەهات .

## بەرەو ئەستێرەیەکی تر نمایش کرا



ئێوارەی رۆژی ٣/٥/ ٢٠١٩ و لە میانی فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوك خولی جیهاد دڵپاك، لەهۆڵی سیروان تاڵەبانی شانۆیی (بەرەو ئەستێرەیەکی تر) نمایشکرا ،کە دەرهێنانی (ئەژین حمەنوری ) و لەنواندنی سالار باهیر و ئەژین حمە نوری بوو. شانۆییەکە لە تێکستی (رحله الصحون الگائره) ی (قاسم محەمد) ەوە وەرگیراوە و نووسەر وشانۆکار (یاسین قادر بەرزنجی) ئامادەی کردووە.

## هەڵەبجەش لە کەرکوکە



لەسێهەمین رۆژی فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوك دا ،شاری هەڵەبجە بەنمایشێك چووە نێو کێبەرکێی فێستیڤاڵەکەوە، لەو چوارچێوەیەشدا ئێوارەی دوێنێ ٣/٥/٢٠١٩ گروپی پانتایی شانۆی والا، شانۆیی (لەدایکبوونی زیندان)ی نمایشکرد، کە لە نووسین ودەرهێنانی (راڤیار نەوزاد) ونواندنی (خەڵات نەوزاد،شێنێ حەیدەر،شنیا هۆشیار،کاوات هادی، تەها ئەلا کەرەم ،بەرزی حوسێن) بوو.

## بەسرە نمایشی خۆی دەکات

لە چوارچێوەی نمایشەکانی فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوك خولی جیهاد دڵپاك ،سبەینێ شەممە ٤/٥/٢٠١٩ کاتژمێر ٤:٠٠ ی ئێوارە لە هۆڵی سەنتەری رۆشنبیری ،گروپی زانکۆی بەسرە شانۆیی **(افترض ماحدث فعلا)** نمایش دەکات ،ئەم شانۆییە لە نووسینی (عەلی عەبدولنەبی زەیدی) و دەرهێنانی (حوسام کەریم)ە و لە نواندنی (عەبدولجەبار عەبدولوەهاب، محەمەدعەبدولستار،مورتەزا عەدنان،زەرغام سەرمەد،عەباس عەبدلسادە ،محەمەد خەڵەف،مونیرشاکر،مۆئەیەدکەریم) ـە .

## سەراب دەبێتە کۆتا نمایشی فێستیڤاڵ

سبەینی شەممە ٤/٥/٢٠١٩ کاتژمێر ٦:٣٠ ئێوارە لە هۆڵی چالاکی قوتابخانەکان شانۆیی (سەراب) دەبێتە کۆتا نمایشی یەکەمین فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوك.

سەراب لە نووسینی دڵشاد مستەفا دڵشاد مستەفا و سینۆگرافیا ودەرهێنانی (رێبین قادر) ـە.

هەریەك لە (هودا جەلال ، عەلی جومعە، عادل چاوشین ،حەیدەر عەلی ،محەمەد فەرهاد) کارەکتەرەکان بەرجەستەدەکەن.